# لێکەوتەی هەڵبژاردنەوەی ئەردۆغان لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکیی تورکیا

**موەفەق عادل عومەر**، دکتۆرا لە سیستەمە سیاسییەکان و مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی-زانکۆی سەڵاحەددین

**پێشەکی**

جیهان بەنیگەرانییەوە چاوەڕێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 14ی مایسی تورکیای دەکرد؛ چونکە تورکیا خاوەن پێگەیەگی گرنگە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا، بەتایبەت لە ڕووی سیاسی و ئاسایشەوە. پێش هەڵبژارنەکان چاوەڕێی ئەوە دەکرا کەوا بۆ ئەم جارەیان لانی کەم ئۆپۆزیسیۆن یەکێك لە هەڵبژاردنەکاندا سەر کەوێت. بەڵام دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان، بۆ جاریکی دیکە ڕەجەب تەییب ئەردۆغان وەك سەرۆککۆمار هەڵبژێردرا و ئاك پارتی و هاوپەیمانیی کۆمار زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانیان بەدەست هێنا. دوای سەرکەوتنی ئەردۆغان و ئاك پارتی و هاوپەیمانییەکەی، ئەم پرسیارانەمان بۆ دروست بووە: ئایا سیاسەتی ناوخۆی تورکیا بۆ ماوەی پێنج ساڵی داهاتوو چۆن دبێت؟ ئایا تورکیا، بەرامبەر عێراق و هەرێمی کوردستان چ هەڵوێستێك دەنوێنێت و چ سیاسەتێك دەگرێتە بەر؟ جگە لەمانە، بەگشتی ئەنقەرە چۆن مامەڵە لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا دەکات؟ لە بابەتی ئەم جارەمان هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە.

**لە پاش هەڵبژاردنەوەی ئەردۆغان، سیاسەتی ناوخۆی تورکیا لەم ٥ ساڵەدا چۆن دەبێت؟**

تورکیا بە شێوەیەکی گشتی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ڕووبەڕووی چەندان کێشە و قەیران و گرفتی ناوخۆ بۆتەوە. هەر لەبەر ئەم قەیران و کێشانە هەڵبژاردنەکانی ئەم جارەی سەرۆکایەتیی کۆمار و پەرلەمانی تورکیا زۆر گرنگ بوون، بەتایبەت لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵاتدا. نەمانی متمانەی خەڵك بە دراوی نیشتمانیی وڵات و بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵاوسان و قەیرانی دارایی و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری و ناسەقامگیریی سیاسی و ئاسایش لە هەندێك ناوچەی تورکیا، لە سەرووی ئەو قەیرانە ناوخۆییانە دێن کە بەرۆکی تورکیایان گرتووە. بێ گومان ئەو لایەنەی کە لە هەڵبژاردنەکان سەرکەوتن بەدەست دێنێت، کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت بۆ سەر ژیانی سیاسیی وڵات. هەر بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆمار و پەرلەمانی تورکیا، ڕەجەب تەییب ئەردۆغان و هاوپەیمانیی کۆمار سەرکەوتنیان بەدەست هێنا و دەتوانن هەر گۆڕانکارییەك لە ژیانی سیاسیی وڵاتدا ئەنجام بدەن؛ چونکە لە پەرلەمانیش توانییان ئەو زۆرینەیە بەدەست بێنن کە بتوانن هەموو جۆرە یاسایەکی پێ دەربکەن. ئەمە خاڵێکی گرنگە لە سیستەمی سیاسیی ئێستای تورکیادا، چونکە سەرۆککۆمار ئەگەر لەلایەن زۆرینەی پەرلەمانەوە پاڵپشتیی لێ نەکرێت، ئەوە لەوانەیە بۆ جێبەجێکردنی هەندێك پلان و سیاسەت شکست بهێنێت. بەگشتی چاوەڕێ دەکرێت ئەردۆغان بۆ ماوەی پێنج ساڵی داهاتوو لەسەر ئاستی ناوخۆی تورکیا ئەم سیاسەتانە پەیڕەو بکات:

1. گەورەترین گرفت کە بەرۆکی تورکیای گرتووە، قەیرانی دارایی و ئابوورییە. بۆ ئەم مەبەستە، ئەردۆغان لە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامە نافەرمییەکانی هەڵبژاردنەکان لە وتاری باڵکۆندا[1] بە شێوەیەکی جددی ئاماژەی بە گرفتە ئابووری و داراییەکانی تورکیای کرد. هەروەها بەڵێنی ئەوەی دا کە پلان و هەوڵەکانی چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووری، دەبێتە پێشەنگی کارەکانی لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا. ئەویش لە ڕێگەی ئامادەکردن و داڕشتنی پلانێکی ئابووریی تۆکمە کە تیایدا بتوانرێت لە ماوەی چەند ساڵی داهاتوودا چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ گرفتی ئابووری بدۆزرێتەوە. هەر بۆ نموونە ئەردۆغان لە وتارەکەیدا ڕای گەیاند کە، توانیویانە ڕێژەی سوودەکان بۆ (8.5%) دابەزێنن و جەختی لەسەر ئەوەیش کرد کەوا هەوڵ و کۆششەکانیان بۆ دابەزاندنی ڕێژەی هەڵاوسانی ئابوورییش چڕ دەکەنەوە. جگە لەمە، زیادکردنی ڕێژەی هەناردەی تورکیا بابەتێکی دیکەیە کە کاری لەسەر دەکرێت.

لەم چوارچێوەیەدا ئەردۆغان لە وتارێکیدا کە لە سێیەمین کۆنگرەی ئەنجومەنی هەناردەکارانی تورکیا (Türkiye İhracatçılar Meclisi 30. Olağan Kurulu) لە ڕێکەوتی (17/06/2023) پێشکەشی کرد ڕای گەیاند، کار بۆ دابەزاندنی ڕێژەی هەڵاوسان دەکەن؛ هەروەها ئامانجی سەرەکییان بۆ ئەمساڵ (2023) ئەوەیە کە قەبارەی هەناردەی تورکیا بگەیەننە 265 ملیار دۆلاری ئەمریکی و، بۆ ساڵی 2024یش کار بۆ گەیاندنی ئەم ڕێژەیە بۆ 285 ملیار دۆلاری ئەمریکی دەکەن[2]. لە لایەکی دیکەوە، لە کاتی دیاریکردنی کابینەی حکوومەتی ئەم جارەیان، ئەردۆغان توانیی "موحەمەد شیمشاک" ڕازی بکات ببێتە وەزیری گەنجینە و دارایی تورکیا؛ چونکە شیمشاک جگە لەوەی کە کەسایەتییەکی ئابووری و سیاسیی کوردە، لە هەمان کاتدا کەسێکی بەتوانای بواری ئابووری و دارایی تورکیایە. لە پاڵ شیمشاک، ئەردۆغان هەنگاوێکی دیکەی گرنگی نا، ئەویش بریتی بوو لەو گۆڕانکارییە گرنگەی کە لە سەرۆکایەتیی بانکی ناوەندی تورکیا ئەنجامی دا؛ ئەم گۆڕانکارییە بریتی بوو لە دیاریکردنی "حافیزە غایە ئەرکان – Hafize Gaye Erkan" کە تەمەنی چڵ و چوار ساڵە، وەك سەرۆکی بانکی ناوەندیی تورکیا. ئەرکان یەکەم ئافرەت و گەنجترین[3] کەسە لە مێژووی تورکیادا، ببێتە سەرۆکی بانکی ناوەندیی تورکیا. جگە لەمە، تایبەتمەندیی ئەرکان ئەوەیە کە لە ئەمریکا بووە و لەسەر ئاستی ئابووری و داراییەوە لەم وڵاتەدا ناوبانگی هەیە. بەم شێوەیە ئەردۆغان هەوڵ دەدات لە ڕێگەی ئەم هەنگاوەوە ئەو پەیامە بە ئەمریکا بگەیەنێت، کەوا ئەنقەرە ئامادەیە هەستیارترین دامەزراوەی داراییی وڵات ڕادەستی کەسێکی ئافرەت بکات کە لە ئەمریکادا پێ گەیشتووە. بەگشتی ئەردۆغان داوای دوو شتی لە شیمشاک و ئەرکان کردووە، ئەوانیش بریتین لە دابەزاندنی ڕێژەی سوو و هەڵاوسان.

بەڵام پێ ناچێت ئەم جارەیان کاری ئەردۆغان و حکوومەتەکەی ئاوا ئاسان بێت، چونکە بەڕاستی گرفتە ئابوورییەکەی ئێستای تورکیا، تەنیا لە ڕێگەی گرتنەبەری چەند ڕێوشوێنێك چارەسەر ناکرێت، بەڵکوو ئەوەی لە ئارادایە جۆرە گوشارێکی نێودەوڵەتیی ئابوورییە کە لە بەرامبەر تورکیا پەیڕەو دەکرێت. ئەمەیش بە ئەردۆغان لەسەر ئاستیبۆ چەند هۆکارێکی دیکە دەگەڕێتەوە کە گرنگترینیان نەمانی متمانەیە نێودەوڵەتی؛ هەروەها ڕەوشی مافی مرۆڤ لە تورکیا بابەتێکی دیکەیە کە لایەنە نێودەوڵەتی و ئەوروپییەکانی بەجددی نیگەران کردووە. هەرچەندە جیهان ناچارە دووبارە مامەڵە لەگەڵ ئەردۆغان و حکوومەتەکەی بکات، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نایەت، گوشارە ئابوورییەکانی سەر تورکیا کۆتاییان پێ دێت. بەپێچەوانەوە چاوەڕوان دەکرێت باری ئابووری و داراییی تورکیا سەختر بێت و بەڵگەیش بۆ ئەمە،

دابەزینی بەهای لیرەی تورکیایە بۆ نزمترین ئاستی لە مێژووی تورکیادا.

2. قەیرانی جددییش بۆ ئەنقەرەکێشەیەکی دیکەی گرنگی تورکیا لەسەر ئاستی ناوخۆ کە ڕەنگە دروست بکات، دۆزی کوردە لە تورکیا. چونکە لەم بوارە ئەم پرسیارەمان بۆ دروست دەبێت: ئایا ئەردۆغان و هاوپەیمانیی کۆمار بەرامبەر بە کورد چ جۆرە سیاسەتێك دەگرنە بەر؟ بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر تەماشایەکی کابینەی نوێی حکوومەتی تورکیا بکەین لە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، بۆمان دەردەکەوێت کە چوار ناوی گرنگی کورد لە کابینە نوێیەکەی ئەردۆغان جێگیان بۆ کراوەتەوە، ئەوانیش بریتین لە هەر یەك لە "جەودەت یەلماز"، جێگری سەرۆككۆماری تورکیا (زازایە)، "موحەمەد شیمشاك"، وەزیری گەنجینە و دارایی، "هاکان فیدان"، وەزیری دەرەوە و "فەخرەدین کۆجا"، وەزیری تەندروستی. بەپێی ئەو ناوانە بێت کە لەم کابینەی حکوومەتی تورکیا ئەرکیان پێ سپێردراوە، دۆزی کورد یەکێکە لەو بابەتە هەرە گرنگانەی کە چاوەڕوان دەکرێت ئەردۆغان و هاوپەیمانیی کۆمار کاری لەسەر بکەن. بەڵام ئەم جارەیان شێواز و هەڵوێست و سیاسەتی ئەردۆغان بەراورد بە ڕابردوو بەرامبەر بە کورد جیاوازترە، چونکە ئەوەی تێبینی کراوە، لە قۆناغەکانی داهاتوودا ئەردۆغان کار بۆ ئەوە دەکات کە خۆی لە کورد نزیك بکاتەوە و لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدات هەدەپە لاواز بکات و لە جەهەپە واتا شەڕەکەی قۆناغی داهاتووی ئەردۆغان، کارکردنە بۆ ڕاکێشانی دەنگدەریدووری بخاتەوە. کورد بۆ خۆی و دوورخستنی لە جەهەپە؛ چونکە ئامانجی ئەردۆغان بەدەستهێنانی سەرکەوتنە لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانیی تورکیا، بەتایبەت لە گەورە شارەکانی وەکوو ئیستانبووڵ و ئەنقەرە.

بێ گومان ئەمەیشیان خاڵێکی ئاوا سادە نییە؛ پێویستی بە دروستکردنی متمانەیە لە نێوان ئاك پارتی و دەنگدەری کورد، چونکە تا ئێستا بەگشتی دەنگدەری کورد لە تورکیا لە هەڵوێستی ئەردۆغان و حزبەکەی نیگەرانە، لەبەر ئەوەی ئەردۆغان بە شێوەیەکی گشتی ڕای گەیاندووە کەوا "کێشەیەك نییە بە ناوی کێشەی کورد لە تورکیا" و "هەدەپەیش بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناوزەد" دەکات. تەنانەت هەنگاوی جددییش بۆ داخستنی هەدەپە نراوە، لە لایەکی دیکەوە ئاك پارتی بەهۆی ئەو هاوپەیمانێتییەی کە لەگەڵ مەهەپە هەیەتی، ئەستەمە قۆناغی ئاشتی و کرانەوە بەڕووی دۆزی کورد لە تورکیا دووبارە بکاتەوە. ئەوەی ئێستا پلانی بۆ داڕێژراوە، هەوڵێکە بۆ ڕاکێشانی دەنگی دەنگدەری کورد بەرەو ئاك پارتی و هاوپەیمانیی کۆمار؛ بە شێوەیەك هەدەپە و پەکەکە لەم هاوکێشەیەدا ڕۆڵیان نەبێت و بەکورتی، هەوڵ دەدرێت ئەو پەیامە بە هەموو لایەك بگەیەنرێت کەوا هەدەپە و پەکەکە نوێنەری ڕاستەقینەی کورد نین و بە هیچ شێوەیەك کورد لە تورکیا یەکسان نییە بە هەدەپە و پەکەکە.

3. درێژەدان بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە ناوچە سنوورییەکانی تورکیا، بەتایبەت لە ناوچە سنوورییەکانی تورکیا – عێراق (هەرێمی کوردستان) و تورکیا ـ سووریا. ئەردۆغان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە وتاری باڵکۆندا ئاماژەی بەم هەنگاو و پلانانەی حکوومەتەکەی دا. کەواتە پاراستنی ئاسایشی ناوچە سنوورییەکان و دوورخستنەوەی چالاکیی گرووپە چەکدارەکان لەم ناوچانە، لەنێو ستراتیژییەتە وازنەهێنراوەکانی ئەردۆغان دەبێت. ئەم هەنگاوەی تورکیا لە چوارچێوەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرە لە تورکیا. بێ گومان تێڕوانینی تورکیا بۆ بابەتی تیرۆر ڕەنگە هەندێگ ڕەهەندی جیاواز لەخۆ بگرێت؛ بۆ نموونە تەنانەت ئەردۆغان هەدەپەیش وەك هێزێکی تیرۆریست دەبینێت.

چەندان ساڵە تورکیا سەرقاڵی کۆنترۆڵکردنی ناوچە سنوورییەکانیەتی لەگەڵ هەر یەك لە عێراق و سووریا، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە بەتەواوەتی ئاسایشی ئەم ناوچانە دابین بکات. بۆیە جێبەجێکردنی ئەم ئامانجەی تورکیا، هەندێك سەختە و، چاوەڕوانیش ناکرێت ئەم کێشەیە بنبڕ بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا پێشبینی دەکرێت ئەم پرسە لەنێو ئەجێندای کارە ناوخۆییەکانی تورکیا لە پێنج ساڵی داهاتوودا شوێنی خۆی بکاتەوە.

4. ئاستێك خەڵك لێی بێزار بووە و بۆتە بارگرانییەکیکێشەی پەنابەرە بیانییەکان لە تورکیا گەیشتۆتە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی؛ بەتایبەت پەنابەرە سوورییەکان کە ژمارەیان بەپێی ئامارە کە سەر بە (Göç İdaresi Başkanlığı) فەرمییەکانی سەرۆکایەتیی بەڕێوەبردنی کۆچ وەزارەتی ناوخۆی تورکیایە، بریتییە لە (3.816.012)، کە ئەمە ژمارە فەرمییە تۆمارکراوەکەیە[4]؛ بەڵام پێشبینی دەکرێت ڕێژەیەکی دیکەیش هەبێت کە بە شێوەیەکی فەرمی تۆمار نەکرابن.

ئەردۆغان لە وتاری باڵکۆندا ئاماژەی بە سیاسەتی حکوومەتەکەی کرد لە پێنج ساڵی داهاتوو بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە و ڕای گەیاند، کەوا بە هاوکاریی قەتەر پرۆژەی گەڕاندنەوەی پەنابەرە سوورییەکانیان هەیە بۆ سووریا بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە، ئەویش لە ڕێگەی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون لەسەر خاکی سووریا لەو ناوچانەی کە ئارام و بێگرفتن. ئەمەیش ئەوەمان بۆ دەردەخات کەوا پەیامی ناڕەزایی خەڵك لەسەر ئاستی ناوخۆ گەیشتۆتە ئەردۆغان و هاوپەیمانێتییەکەی؛ لەبەر ئەم هۆکارەیشە کاری جددی دەکات بۆ ئەوەی زۆرترین پەنابەری سووری بنێرێتە سووریا، بەڵام بە شێوەیەك ژیانیان نەکەوێتە مەترسی.

بوونی ئەم ژمارە زۆرەی پەنابەرە سوورییانە لە تورکیا، پێ ناچێت بە چەند ساڵێك چارەسەر بکرێت، چونکە ئێستا گرفتەکە گەیشتۆتە ئاستێك کە لەکۆنترۆڵ دەرچووە و بۆتە هۆی لێکترازانی کۆمەڵایەتی. چاوەڕوان دەکرێت ئەم پرسە لە پێنج ساڵی داهاتوودا ببێتە بابەتی ڕۆژەڤ و تاوتوێ و، مشتومڕی زۆری لەبارەوە بکرێت.

5. ڕووبەڕووبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆن و کارکردن بۆ مانەوەی ئۆپۆزیسیۆنێکی لاواز لە تورکیا، لە کارە پێشینەکەکانی ئەردۆغان دەبێت. یەکێك لە هۆکارەکانی مانەوەی ئەردۆغان لە دەسەڵات، دەگەڕێتەوە بۆ لاوازیی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن. لەبەر ئەم هۆکارە، ئەردۆغان لە ڕووی سیاسییەوە کار بۆ لاوازترکردنی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەکات؛ واتە کارێکی سەرەکیی حکوومەتی ئەم جارەی ئەردۆغان، زیادکردنی گوشارەکانە بۆ سەر لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەسەر ئاستی ناوخۆی تورکیا.

ئاك پارتی لە قۆناغەکانی ڕابردوو توانیویەتی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەلاوازی بهێڵێتەوە و دووچاری چەندان شکستیان بکات لە هەڵبژاردنەکانی ساڵانی ڕابردوودا. پێشبینی دەکرێت لە قۆناغی داهاتوودا ئاك پارتی بتوانێ بەردەوام بێت لە لێدانی گورزی کوشندە بە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن، بەتایبەت دوای ئەوەی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن نەیانتوانی سوود لە خاڵە لاوازەکانی ئەردۆغان و ئاك پارتی وەربگرن لە دوایین هەڵبژاردنەکاندا. ئەم شکستەی ئۆپۆزیسیۆن ژێرخانێکی باشی ڕەخساند بۆ ئەوەی ئەردۆغان لایەنەکانی

ئۆپۆزیسیۆن لاوازتر بکات.

**ئایا سیاسەتی تورکیا لە هەمبەر عێراق و هەرێمی کوردستان وەکوو ڕابردوو بەردەوام دەبێت، یان گۆڕانی بەسەردا دێت؟**

عێراق و هەرێمی کوردستان دوو لایەنی سەرەکین و پێگەیەکی تایبەتیان هەیە لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا. بۆیە چاوەڕوان دەکرێت ئەردۆغان بەم شێوەیەی خوارەوە شوێنی هەر یەك لە عێراق و هەرێمی کوردستان بکاتەوە لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە قۆناغی داهاتوودا:

1. هەروەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، بارودۆخی تورکیا لە ڕووی ئابووری و داراییەوە زۆر خراپە و، ئەنقەرە پێویستی بە بووژانەوەی ئابووری هەیە، چونکە بە شێوەیەکی مەترسیدار بەهای دراوی نیشتمانیی تورکیا دابەزیوە و ئەم دابەزینەیش بەردەوامە. هەروەها ڕێژەی هەڵاوسان لە مانگی مایسی ڕابردوو گەیشتۆتە ڕێژەی (39.59)[5]. بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە جگە لەم ڕێوشوێنانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، ئەردۆغان لەم بوارە زۆر گرنگی بە باشترکردن و فراوانترکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان ئەنقەرە – بەغدا لە لایەك و ئەنقەرە – هەولێر لە لایەکی دیکە دەدات. لایەنی ئابووری، خاڵێکی گرنگی بەیەکگەیاندنی ئەنقەرە – بەغدا – هەولێرە؛ ئەم هەنگاوەیش لە بەرژەوەندیی هەر سێ لایەنە.

عێراق بە شێوەیەکی گشتی، بازاڕێکی زۆر گرنگە بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمە تورکییەکان. لەم چوارچێوەیەدا تورکیا هەوڵ دەدات قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ عێراق بگەیەنێتە بەرزترین ئاستی. تاکە دەروازەیەکی سنوورییش کە لە ڕێگەیەوە کەلوپەلە تورکییەکان دەگەیەنرێتە عێراق، "دەروازەی ئیبراهیم خەلیل"ە، کە لەژێر کۆنترۆڵی هەرێمی کوردستانە. بۆیە باشترە بۆ ئەنقەرە، لە بواری بازرگانی و ئابوورییەوە هەرێمی کوردستان بەهەند وەربگرێت ئەگەر بیەوێ قەبارەی بازرگانیی خۆی لەگەڵ بەغدا فراوانتر بکات.

2. پرسی گەیاندنی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان و عێراق، پرسێکی سەرەکیی دیکە دەبێت لە قۆناغی داهاتوودا لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە – بەغدا ـ هەولێر. بەتایبەت دوای بڕیاری دادگەی نێوبژیکاریی نێودەوڵەتیی پاریس کە لە ئەنجامیدا هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان ڕاگیرا، ژینگەیەك و قۆناغێکی دیکە دروست بوو کە تیایدا خەریکە دووبارە هاوکێشەکان سەرلەنوێ دادەڕێژرێن. بەغدا هەوڵەکانی خۆی چڕ کردۆتەوە بۆ ئەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بنێردرێتە بازاڕەکانی جیهان لە ڕێگەی تورکیاوە؛ ئەم خاڵەیشی لە بوودجەی سێ ساڵی داهاتووی عێراقدا جێگیر کردۆتەوە. بەرامبەر ئەمەیش دەبینین، تورکیا نایەوێت بکەوێتە ژێر گوشارەکانی عێراق بۆ دووبارە دەستپێکردنی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان؛ بە شێوەیەك کە زیانی بۆ ئەنقەرە و تا ڕادەیەکیش بۆ هەولێر هەبێت. زیاتر لە 80 ڕۆژە پرۆسەی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان وەستێنراوە، کە بەهۆیەوە ئەنقەرەیش زیانی بەرچاوی بەرکەوتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەنقەرە نایەوێت بەتەواوەتی خۆی ڕادەستی مەرجەکانی بەغدا بکات. لەم نێوەندەدا هەرچەندە ڕاگرتنی پرۆسەکە زیانی گەیاندۆتە هەرێمی کوردستانیش، بەڵام هەولێر دەتوانێ ئەم دەرفەتە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکار بهێنێت،

بەتایبەت کە تا ئێستا گرفتی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا یەکلا نەبۆتەوە. هەر لەم چوارچێوەیەدا و لە دوای هەڵبژاردنەوەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان وەك سەرۆککۆماری تورکیا و سەرکەوتنی هاوپەیمانیی کۆمار لە هەڵبژاردنەکانی مانگی مایسی ڕابردوو، پێویستە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان چڕ بکرێتەوە لەم بوارە و بە دوای بژاردەی تر بگەڕێن لە ئەگەری پابەندنەبوونی بەغدا بە جێبەجێکردنی بڕگەکانی بوودجە. بۆیە بەشداریکردنی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێم، لە ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی ئەردۆغان و دواتر سەردانە فەرمییەکەی مەسرور بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنقەرە، لەم ڕووەوە زۆر گرنگە، چونکە ساڵانی ڕابردوو بەداخەوە ڕاستییەکی تاڵ هەیە کەوا لە کاتێکدا بەغدا بوودجە و مووچەی هەرێمی بڕی، تاکە دەرچەی هەرێمی کوردستان بۆ تێپەڕاندنی یاخود لانی کەم کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم هەنگاوەی بەغدا، ئەنقەرە و خاکی تورکیا بوو؛ کە لە ڕێگەوە توانرا نەوتی هەرێم هەناردە بکرێت و تەنانەت تورکیا چەند جاریش بڕە پارەیەکی وەك قەرز، دایە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی مووچەی فەرمانبەرانی پێ بدرێت.

3. تورکیا بۆ سەپاندنی مەرجانی خۆی بەسەر عێراق، کارتێکی گوشاری دیکەی بەهێزی لەبەردەستدایە، ئەویش بابەتی ئاوە. ئێستا جیهان بەگشتی و عێراق بەتایبەت ڕووبەڕووی گرفتێکی گەورەی کەمئاوی بۆتەوە و، بەهۆی ئەوەی ئاوی عێراق بە شێوەیەکی بەرچاو لە تورکیاوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە دەبینین ئەنقەرە ئەم بابەتەی بە شێوەیەکی کاریگەر لە دژی عێراق بەکار هێناوە. تەنانەت چەندان بەنداوی گەورە و بچووکی لەسەر ڕێڕەوی ئەو ئاوە دروست کردووە کە دێتە خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان. هیچ گومان لەسەر ئەوە نییە کەوا تورکیا کارتی ئاوی لە دژی عێراق لە قۆناغەکانی ڕابردوو بەکار هێناوە و، پێشبینییش دەکرێت بەردەوام بێت لەسەر بەکارهێنانی ئەم کارتە لە دژی عێراق. کەواتە بابەتێکی دیکە کە لە قۆناغی داهاتوو مشتومڕێکی زۆری لەسەر دەبێت، کێشەی بەردانەوەی ئاوە لە تورکیاوە بۆ خاکی عێراق.
4. پرسی ڕێگەنەدان بە بەکارهێنانی خاکی عێراق لەلایەن چەکدارانی پەکەکە، بابەتێکی ستراتیژیی گرنگە کە ئەنقەرە لەنزیکەوە و زۆر بەجددی کاری لەسەر دەکات. هەر لە وتاری باڵکۆنیشدا ئەردۆغان ئاماژەی بە درێژەدان بە ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورکیای دا لە دژی چەکدارانی پەکەکە و گرووپە چەکدارەکانی دیکە؛ واتە پرسی دابینکردنی ئاسایشی ناوچە سنوورییەکان لە ئەولەوییەتی کارەکانی پێنج ساڵەی داهاتووی حکوومەتەکەی ئەردۆغان دەبێت. لەوانەیە عێراق ئەم پرسە وەك گوشارێك لە دژی تورکیا بەکار بهێنێت و هەوڵ بدات بەتایبەت لە بەرامبەر گرفت و قەیرانی کەمئاویدا بەکاری بهێنێت.

ژێر کۆنترۆڵی هەرێمی کوردستان، بۆیە لەبەهۆی ئەوەی بەشێکی زۆری ناوچە سنوورییەکان کەوتۆتە بابەتی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی پەکەکە و گرووپە چەکدارەکانی دیکە، ئەنقەرە پێویستی بە یارمەتی و هاوکاریی هەرێمی کوردستان دەبێت. ئەگەر هەرێمی کوردستان هەماهەنگیی ئەنقەرە نەکات لەم بارەیەوە، زۆر سەختە تورکیا بتوانێت ئەم ئامانجەی بپێکێت. لەبەر ئەم هۆکارەیە هەرێمی کوردستان لەم ڕووەیشەوە دەتوانێت بە چەندان شێواز یارمەتیدەر بێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە. بۆ نموونە دەکرێ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت سەرۆکی هەرێم و سەرۆکوەزیران، ناوبژی بکەن بۆ بەیەکگەیاندنی بەرپرسانی حکوومەتی تورکیا و لایەنە کوردییەکان لە تورکیا؛ چونکە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان لە ساڵانی

ڕابردوویش هەوڵی ناوبژیکردنیان دابوو و تا ڕادەیەکی باشیش توانرا لایەنەکان بەیەك بگەیەنرێن.

**سیاسەتی ئەردۆغان لە هەمبەر وڵاتانی عەرەبی و ئێران بەرەو کوێ دەچێت؟**

پەیوەندیی حکوومەتە یەك لە دوا یەکەکانی ئاك پارتی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی بە درێژاییی بیست ساڵی ڕابردوودا بە چەندان قۆناغی جیاوازدا تێ پەڕیوە. تەنانەت لە سەرەتای گەیشتنی ئاك پارتی بە دەسەڵات لە تورکیا، ئاك پارتی وەکوو مۆدێلێکی حزبی سیاسیی ڕاستڕەوی بەرچاوی لێ هاتبوو لەنێو وڵاتانی عەرەبیدا. بەتایبەت دوای ڕووداوەکانی بەناو "بەهاری عەرەبی" لە دوای ساڵی 2011 پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی گۆڕانکاریی بنەڕەتیی بەسەردا هات. هەروەها هەوڵی کودەتا شکستخواردووەکەی ساڵی 2016یش پەیوەندیی تورکیای لەگەڵ هەندێك وڵاتانی عەرەبی خستە قۆناغێکی زۆر جیاوازتر.

سەرەتا ڕووداوەکانی سووریا لە ساڵی 2011 پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و دیمەشقی گەیاندە خراپترین بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بوو. بەڵام لەم چەند ساڵەی ڕابردوودائاستی. پەیوەندییەکانیش بەم شێوە خراپە ندگیریی مۆسکۆ، چەندان دیداری گرنگی لەگەڵ سووریا ئەنجام دا. تەنانەت ئێستائەنقەرە بە نێوە گۆڕانکاریی جەوهەری ڕووی داوە و، ئەنقەرە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ بەشار ئەسەد ببەستێت. ئەم پێشهاتانە، بەتایبەت دوای نزیکبوونەوەی وڵاتانی وەکوو عەرەبستانی سعوودی و بەحرێن و کوێت و میسر لە سووریا و ئێران ڕووی داوە و، پێشبینییش دەکرێت ئەنقەرە لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوو کار بۆ ئاساییکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سووریا بکات، تەنانەت ئەگەر لەسەر ئاستی وەزارەتەکانیش بێت؛ چونکە لەوانەیە یەکێك لە هۆکارەکانی دیاریکردنی هاکان فیدان وەك وەزیری دەرەوەی تورکیا، بۆ ئەوە بێت کە فیدان وەکوو "سەرۆکی میتی تورکیا" لە ساڵانی ڕابردوو چەندان جار لەگەڵ بەرپرسە ئەمنییەکانی سووریا کۆ بووەتەوە و خاوەن ژێرخانێکی باشە لە دانانی پەیوەندی لەگەڵ بەرپرسانی سووریا. بۆیە چاوەڕوان دەکرێت تورکیا ئەگەر لەسەر ئاستی سەرۆکی وڵاتیش نەبێت، پەیوەندییەکانی لەسەر ئاستی وەزیرەکان لەگەڵ سووریا ئاسایی بکاتەوە. بێ گومان ئەمەیش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ڕۆژاوا دەبێت.

لە لایەکی دیکە تورکیا هەوڵی دا بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ میسر، چونکە دوای کودەتاکەی ساڵی 2013 بەسەر "موحەمەد مورسی" لەلایەن "عەبدولفەتاح سیسی"یەوە، پەیوەندییەکانی تورکیا و میسر تێك چوو. بەڵام لە دوو ساڵی ڕابردوودا تورکیا کاری جدیی کرد بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ میسر ئاسایی بکاتەوە. بەڵام قاهیرە بە هەمان شێوە خۆی لە ئەنقەرە نزیك نەکردەوە؛ تەنانەت تورکیا وەک دەسپێشخەرییەک بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ قاهیرەدا ئاسایی بکاتەوە، بریاری دا بە دەرکردنی هەندێک سەرکردەی ئیخوان موسلمینی میسری و هەندێک دەزگای ڕاگەیاندنی سەر بە ئیخوان، کە دوای کودەتاکەی سیسی ڕوویان لە تورکیا کردبو و، لەوێوە چالاکییەکانیان لە دژی میسر بەرێوەدەبرد، وەستاند.

ئێستا دوای هەوڵێکی زۆری ئەردۆغان و وەزیری دەرەوەی پێشووی تورکیا، کاری زۆر کرا بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە – قاهیرە؛ لە ئەنجامدا نزیکبوونەوەیەك بەدی کرا و بۆ ئاساییکردنی پەیوەندییەکانی هەردوو لا، لە بنەمادا ڕێك کەوتن. چاوەڕێ دەکرێت لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوو پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە-قاهیرە ئاسایی ببێتەوە؛ چونکە ئەردۆغان، بەتایبەت لە دەریای سپیی ناوەڕاست، نایەوێت زیاتر گوشاری بخرێتە سەر لە لایەك و، لە لایەکی دیکە هەوڵ دەدات سوود لە پێگەی

میسر وەربگرێت وەك وڵاتێكی عەرەبیی بەرچاو كە خاوەن قورساییيەكی بەرچاوە لە ناوچەكەدا.

لە لایەكی دیكە پەیوەندییەكانی توركیا – عەرەبستانی سعوودی، پێگەیەكی سەرەكیی هەیە لە ستراتیژییەتی سیاسەتی دەرەوەی توركیادا. پەیوەندیی ئەم دوو وڵاتە بە چەند قۆناغێكی جیاوازدا تێ پەڕیوە و بەرزی و نزمیی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. بەڵام ئێستا توركیا بەجددی كار بۆ نزیكبوونەوە لە ڕیاز دەكات، چونكە گەیشتۆتە ئەم ڕاستییەی، كە ئەگەر توركیا بیەوێت شوێنی خۆی لە هاوكێشە سیاسییەكان بكاتەوە، ئەوە پێویستە خۆی لە هێزێكی وەك عەرەبستانی سعوودی نزیك بكاتەوە كە لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە خاوەن پێگە و قورساییيەكی بەرچاوە.

دوای قەیرانی كەنداو لە ساڵی 2017 كە لە نێوان قەتەر و وڵاتانی كەنداوی دیكەی وەكوو عەرەبستانی سعوودی، بەحرێن و ئیمارات سەری هەڵدا، بەهۆی ئەوەی توركیا پشتگیریی لە قەتەر كرد، ئەنقەرە پەیوەندییەكانی لەگەڵ ئەم سێ وڵاتەی كەنداو تێك چوو. بەڵام لە ساڵی ٢٠٢١ەوە تا ئێستا هەوڵەكان چڕ كرایەوە بۆ ئەوەی پەیوەندییەكانی قەتەر و سێ وڵاتەكەی كەنداو ئاسایی بكرێتەوە و لە كۆتاییدا پەیوەندییەكانی نێوانیان ئاسایی بووەوە. بێ گومان ئەمەیش كاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر باشبوون و ئاساییبوونی پەیوەندییەكانی نێوان توركیا و هەر یەك لە عەرەبستانی سعوودی، بەحرێن و ئیمارات. لەم چوارچێوەیەدا بەهۆی خراپیی باری ئابووریی ئەنقەرە، چاوەڕوان دەكرێت پەیوەندییەكانی ئەنقەرە و وڵاتانی كەنداو بە شێوەیەكی گشتی باشتر بێت و پەیوەندییەكان فراونتر و قووڵتر بكرێنەوە، بەتایبەت لە بوارەكانی ئابووری، بازرگانی، وزە، ئاسایش و سیاسی؛ چونكە ئاسۆی دەركەوتن و دروستبوونی هاوكێشەیەكی نوێ هەیە لە ناوچەكە و، توركیاش دەیەوێت لەم هاوكێشە نوێیەدا شوێنی خۆی بكاتەوە.

جگە لە وڵاتانی عەرەبی و كەنداو، سیاسەتی دەرەوەی توركیا بەردەوام زۆر گرنگیی بە پەیوەندییەكانی لەگەڵ ئێران داوە؛ بۆچوونێكی بەهێزیش هەیە لەنێو سیاسەتمدارە موحافزكارەكانی توركیا لەبارەی نواندنی هەڵوێستێكی ئەرێنی بەرامبەر ئێران، چونكە بە بڕوای ئەوان ئێران وڵاتێكی موسڵمانە و، پێویستە پاڵپشتیی لێ بكرێت و نابێت دژایەتیی بكرێت. بەڵام دوای ساڵی 2003 و پاش ڕووداوەكانی یەمەن و لوبنان و بە دەركەوتنی ڕۆڵی نەرێنیی ئێران و میلیشیا نزیكەكانی تاران لە ناوچەكە، ئەنقەرە وەك پاڵپشتییەك بۆ لایەنە سوننییەكان، سیاسەتی خۆی بە شێوەیەك داڕشت كە ڕاستەوخۆ پاڵپشتیی لە هێزە سوننەكان دەكرد لە وڵاتە جیاجیاكانی ناوچەكە، بەتایبەت لە عێراق و لیبیا و سووریا. پێشبینی دەكرێت لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا، توركیا پەرە بە پەیوەندییەكانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و كەنداو بدات و كاری هاوبەشی زیاتریان لەگەڵدا ئەنجام بدات؛ جگە لەمە ئەنقەرە ئارەزووی ئەوەی هەیە شوێنی خۆی لە هاوكێشە نوێیەكەدا بكاتەوە كە چاوەڕوان دەكرێت لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی دروست ببێتەوە. هەروەها پەیوەندییەكانی ڕووسیا و ئێران و هاوهەڵوێستییان لە هەندێك پرسی هەرێمی و جیهانی و پشتگیریكردنی یەكتریان، بێ گومان كاریگەریی هەیە لەسەر دیاریكردنی ئاراستەی پەیوەندییەكانی نێوان ئەنقەرە- تاران. بەگشتی لە قۆناغی داهاتوودا لەوانەیە ئەردۆغان زیاتر گرنگی بە ئێران بدات و وەك كارتێكی گوشار لە دژی ئەمریكا بەكاری بهێنێت.

**كۆبەند**

ئەردۆغان دوای ئەوەی جارێكی دیكە وەك سەرۆككۆماری توركیا هەڵبژێردرایەوە، چاوەڕوان دەكرێت بە

سیاسەتە ناوخۆیی و دەرەکییەکانیدا بچێتەوە؛ چونکە پێشهاتەکان دەریان خستووە کەوا هەندێك لە سیاسەتە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی پێشووی ئاك پارتی هەڵە بوونە، بۆیە دەبێت بە لەبەرچاوگرتنی پێشهاتە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکیی تورکیا دووبارە دابڕێژرێتەوە. ئەردۆغانیش لە وتاری باڵکۆندا ئاماژەی بە خاڵە سەرەکییەکانی ئەو گۆڕانکارییانە دا، کە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەکیدا بەتەمان ئەنجامی بدەن. بەپێی کابینەی حکوومەتی نوێی تورکیا، لایەنی ئابووری و دارایی و کێشەی پەنابەرە سوورییەکان و هەوڵدان بۆ ڕازیکردنی دەنگدەری کورد و دوورخستنەوەیان لە هەدەپە و پەکەکە لەسەر ئاستی ناوخۆ، گرنگترین ئەو بابەتانەن کە ئەردۆغان لە قۆناغی داهاتوودا کاریان لەسەر دەکات. بەرامبەر ئەمە، ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئەنقەرە لەگەڵ وڵاتانی کەنداو و عەرەبی و ئێران، کارکردن بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی سووریا، بە شێوەیەك بەرژەوەندیی ئەنقەرە بپارێزێت، درێژەدان بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە دەرەوەی سنووری تورکیا، ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر لە ناوچەکە و جیهاندا، ڕۆڵوەرگرتن لە هاوکێشە نوێیەکانی هەرێمی و نێودەوڵەتی، کۆنترۆڵکردنی ڕێرەوی گواستنەوەی نەوت و غاز، بەستنەوەی بازاڕی ڕۆژهەڵات بە ئەورووپا لە ڕێگەی گەشەپێدان “ئاوریشم” و، درێژەدان بە هەڵوێستی تورکیا بەرامبەر بە قەیرانی ئۆکراینا، گرنگترینی ئەو بابەتانەن کە لەسەر ئاستی دەرەکی، لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا تورکیا کاریان لەسەر دەکات.

[1]. وتاری باڵکۆن ئەو وتارانەیە کە ئەردۆغان دوای سەرکەوتنی حزبەکەی لە هەڵبژاردنەکان، پێشکەشی دەکات. ئەم جۆرە وتارانە لەسەر ئاستی جیهان باوە کە دوای سەرکەوتن پێشکەش دەکرێن و، بۆ یەکەم جار لە تورکیا لە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2007 لەلایەن ئەردۆغانەوە پێشکەش کرا. بۆ بینینی وتاری بالکۆن کە لەلایەن ئەردۆغانەوە لە دوای سەرکەوتنی لە خولی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی پێشکەشی کرد، سەردانی ئەم لینکە بکەن: https://www.youtube.com/watch?v=YflVfjgoalY، (ریکەوتی سەردان: 15/06/2023).

[2]. بۆ گەیشتن بە تەواوی لێدوانەکەی ئەردۆغان بە زمانی تورکی، دەتوانن سەردانی ئەم لینکە بکەن: https://www.youtube.com/watch?v=2EyNXYiR_aE ، (ڕێکەوتی سەردان: 17/06/2023).

[3]. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەو شوێنانەی کە ئەرکان تیایدا کاری کردووە، سەردانی ماڵپەڕی فەرمیی بانکی ناوەندیی تورکیا بکەن لە ڕێگەی ئەم لینکەوە: https://www.tcmb.gov.tr/wps/wcm/connect/tr/tcmb+tr/main+page+site+area/yonetim+cv/dr+hafize+gaye+erkan ، (ڕێکەوتی سەردان: 17/06/2023).

[4]. بۆ گەیشتن بە ژمارەی فەرمیی پەنابەرە سوورییەکان لە تورکیا، دەتوانن لەم لینکەوە سەردانی ماڵپەڕی فەرمیی سەرۆکایەتیی بەڕێوەبردنی کۆچ بکەن: https://www.goc.gov.tr/gecici-korumamiz-altindaki-suriyeliler ، (ریکەوتی سەردان: 15/6/2023)).

[5]. بۆ بینینی ڕێژەی هەڵاوسان بە شێوەیەکی ورد، دەتوانن لە ڕێگەی ئەم لینکەوە سەردانی ماڵپەڕی سەرۆکایەتیی ستراتیژی و بوودجەی سەر بە سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا بکەن: https://www.sbb.gov.tr/2023-yili-mayis-ayi-tuketici-ve-uretici-fiyat-gelismeleri/#:~

:text=2023%20y%C4%B1l%C4%B1%20May%C4%B1s%20ay%C4%B1nda%20T%C3%9CFE,y%C3%BCzde%2039%2C59%20d%C3%BCzeyinde%20ger%C3%A7ekle%C5%9Fmi%C5%9Ftir. ، 15/06/2023) :ڕێکەوتی سەردان).